# گەمەکانم بدەنەوە


## هەندرێن حەمەدەمین

Handren88@hotmail.com




زەمەنێکە
سەرم بۆتە دەریاییێکی هار و بەد
شەپۆلە تورەکانی
کەشتی روحم لەگەل خۆیان هەلئەچێن و دائەچێنن
هەر چەند ئەکەم
لەم ئاسمانە
تەنیا خواییێک بۆ یارمەتی نادۆزمەوە
من خۆم نەموویست
بەژنی رووتی ئافرەتێک بوو
بە مەمکەکانی ئەیخواردمەوە
ئەو خۆی نەیویست
سەرما و سۆلی بەهەشتێک بوو
ئەم رێگایەی خستە بەری
ئەم رێگایە
تەنیا شوێن پێی قاچاغچیان و
گولی دەستی عاشقانی تیا ئەبیندرا
ئەو رێگایە زۆر جیاواز بوو
لەو زەریایەی شاخە بەفرەکانی
ئەگواستەوە
ئەو زەریایە زۆر جیاواز بوو
لەو کەنارەی دلی خۆمم تیا لەبیر کرد
ماچەکانی کەنار
وورده ماسی ئەو چاوانەن
لە سیکسدا قەت تێر نابن
تێر بوون
خەونێکە تا دووێنێ شەو نەبیندراوە
دووێنێ زەمەنێکە زۆر لەمێژە
لەمێژە سەرم بۆتە دەریاییێکی هار و بەد
دەریاییێک
لە داستانەکانی یۆنان نەبیستراوە
شەپۆلەکانی
لە گەمەی کچەکانی خواوە ئەزێن
ئەو کچانەی تاکو ئێستا بەگومانن لە دایکیان
گومان ئێمەی گیاندە ئێرە و

ئێرەی کردە چەنگەلێکی پڕ لە تلیاک
گەمەکانم بدەنەوە
من بۆ منداڵی ئەو خەونانەم هەڵگرتبوون
لەدوای زەمەن یاری دەکەن
ئەو زەمەنەی
سەری کردووم بە دەریایێ لە تۆفان و
روحی کردووم بە کەشتیێکی بێ کەشتیوان
گەمەکانم بدەنەوە
بەر لە پیر بوون ئەیانگەینم
ئەیانگەینم بەو دەستانەی هەلمئەگرن
هەلمئەگرن بۆ مێرگەکان
ئەو مێرگانەی دوانزە هەنگاو لە خەم دوورن
گەمەکانم بدەنەوە
ئەو گەمانەی رۆژێ سەد جار ئەمخۆنەوە
ئەمخۆنەوە و ئەمژێنەوە
ئەمژێنەوە و ئەمخۆنەوە
ئەمەش سحری چادووگەر و
دوعای نوێژی دیندارەکان نیە
ئەمە پاڕانەوە و شەفاعەتی هیچ کەس نیە
کەسەکانم لە بێ کەسی
مالەکانیان لە بوخچەیێک گرێ ئەدەن
گرێکانیان لەناو خۆیاندا ئەشارنەوە و
خۆیان
خۆیان لە خۆیان ئەدزنەوە
گەمەکانم بدەنەوە
ئەو گەمانەی لەفەلسەفەی زاناکانتان دیل کراون
لەنێو یاسای سیاسیەکانتان گێژکراون
گەمەکانم
لە زمانی خوا و پێغەمبەر و ئێوە دوورن
گەمەکانم ئەو پیتانەن
لە خەوندا ئەبنە ووشە
خەونەکانم ئەو ووشانەن
گەمەکانم ئەیانچێنن
گەمەکانم بدەنەوە
باخی رەنگاو رەنگی درۆکانتان
درۆی گەمەی شەوەکانتان
پیرۆز پیرۆز
لە خۆتان پیرۆز
لە چاوە بێ خەونەکانتان پیرۆز
لە خەونە بێ گیانەکانتان پیرۆز

گەمەکانم بدەنەوە
هەزار نەفرەت لە هەرێمتان
لە هەرێمەکانتان
لە هەرێمێک
کەللەی سەرتان تیا ئەخستە زبلدان و
لە یەکێکیش ئیندیانەکان
ئەوەی تریش
پارچەیێک بوو لە زبلدان
گەمەکانم بدەنەوە و
جارێکیتر نامبینەوە
خۆم و گەمە و خەونەکانم
ئەچینەوە ئەو مێرگانەی کە لێی هاتین
ئەو مێرگانەی
دوانزە هەنگاو لە دنیاتان دوورن
ئەم دووریە ئەمانباتەوە یەکەمین شوێن
یەکەم شوێنی ئەم جیهانەی
بێ خواوەندە
بێ شەیتانە
بێ هار و هاچی دەریاکانە
ئەمباتوە نێو باوەشی مەمکی رووتی ئەو ئافرەتەی
لێوەکانی گوڵ هەنار و
چاوەکانی رەیحانەی رەش
ئەمباتەوە و ئەمباتەوە
ئەمباتەوە بۆ ئەو دلەی فەزایێکە لە قەشەنگی
ئەمباتەوە و ئەمکاتەوە
ئەمکاتەوە بۆ فڕینی ئەو ئاسمانەی بالێکە لە پەپولە
پەپولە نەستەکانی ئەو دیووی بوون
بوونێکی هەورازتر لە گەردەلول
هەورازتر لە جێی رەحمی ئایەتەکان
هەورازتر لەو ماڵانەی تاریکی شەڕ ناگرنەوە
ئەو شەڕانەی ئەیانەوێ
تا هەتایە ئازارەکان بکولێنەوە
ئازارەکانی ژێر شمشێر و
ژێر پۆستال و
ژێر یاسا شپڕێوەکانی دیموکراسیەت
ئەم بارانە و
بارانەکانی ژێر بارانی برین
بە روحی من هەڵناگیرێن
بەسە ئیدی بەردەکانی دۆزەخ لە کۆل نانێم
خۆم و خەون و گەمەکانم

ئەچینەوە بۆ باوەشی
ئەو ئافرەتەی
مەمکەکانی پڕن
پڕن لەو خەونانەی گەمەکانم ئەگەمێنن
پڕن لەو گەمانەی خەونەکانم ئەخەملێنن
ئەم سەرە هار و بەدەم
بە یەکجاری بۆ تۆ زەریا
من خۆشەویستیم لە روح هەڵگرتووە
چیدی دلم نادەمە بەر شەپۆلی توڕەبوونت و
روحم ناکەم بە کەشتیەکەی تایتانیک و
خۆم و خەون و گەمەکانم
بەسەر باڵی پەپولەکان دێینەوە لات
دێینەوە لات بۆ خوێندنەوەی ئەو ماچانەی
رۆژێ چوار جار دۆلفینەکان ئەینووسنەوە
دێینەوە لات بۆ چاندنی ئەو حەزانەی
رۆژێ هەشت جار باڵدارەکان ئاوی دەدەن
دێینەوە لات
بۆ سێبەری دار خەونەکان
بۆ گۆرانی ئەو عاشقانەی
مانگەشەویان سەرمەست ئەکرد
بۆ دیلانێی ئەو کیژانەی
شنەبایان ئەگواستەوە
دێینەوە لات بۆ رۆژانی سەما و سەیران
بۆ شەوانی پڕ لە رەعشە
بۆ سە وزایی ئەو دەشتانەی
بۆنی گەنم ئەیژیاند
بۆ بەرزایی ئەو شاخانەی
هەورەکانیان دەهێنا خوار بۆ شەونمی شیلانەکان
دێینەوە لات و
سەفەرەکان لە نەورۆزدا ئەسوتێنین
نەورۆزەکان لە میحرابی پیرەکاندا ئەکەینەوە و
ئەبینەوە گەمە و خەونی زەردەشتیەکان
دێینەوە لات
ئەی ئەو ژنەی لە دامێنی کراستدا تەمەنێکی زۆرت نەخشاندوە
لە شمشالی شوانەکاندا
کەزیەکانت ئەهاتنە خوار
بۆ سەر پشت و کەمەربەندی پڕ لە نێرگز
دێینەوە لات نشتمانی عاشقەکان
خۆری سۆز و مهرەبانی دێینەوە لات

دێینەوە  لات و
سەری شێتمان لەم هەرێمە سارد و سڕە بەجێدێلین
گەمە و خۆم و خەونەکانم
ئەبینەوە بە پارچەیێک
خۆم لە خەونەکان و
خەونەکان لە تۆ و
تۆ لە گەمەکان گرێ ئەدەم
تا بە ووردی
ووردی ووردی
لەسێبەری داربەڕووەکان ئەبینەوە
ئەبینەوە بە کانیەکەی ئەو سەری گوند
لە لایێکدا مرۆڤەکان ئەمانخۆنەوە و
لە لایێکیش باڵدارەکان
لە لایێک گیاندارەکان خۆیان ئەشۆن و
لە لایێکیش بێگیانەکان
هێور هێور دێینە خوارێ
بۆ ئاودانی باخچەکانی گیز و هەنار
جارێکیتر لە موتربەی سێو و بەهێ
سێوەبێکان تێر تێر ئەکەین لە تام و بۆن
بۆنەکان تێکەڵ ئەکەین
بە باغەلی هەرزەکارە مەم قیتەکان
تامەکانیش ئەخۆینەوە
لە لێوانی پڕ لە خەندە
ئێوارانیش
لە چوارشەمە پیرۆزەکان
ئارەقەی لەش ئەچۆڕێنین بە رەشبەلەک
لە چاوشارکێی شەوانیشدا
چووتە چووتە
لێکئالانی لاولاوەکان پۆ و دان ئەکەین
بۆ گزنگی بەیانیانی پڕ لە رەنگی دەربەندەکان
بەسە بەسە
بەسە ئیتر
ئەم هەرێمە بەبێ گومان جێدەهێلم
جێگای بەزمی گەمەکانمی تیا نابتەوە
چرۆی گوڵی خەونەکانم ئەوەرێنێ
لەم هەرێمە نەزۆکەدا
هەر چەند ئەکەم
تەنیا گوڵێ نادۆزمەوە
بمباتەوە ماڵەکانی قەشەنگی رەنگ
تاکە دارێ نیە

تامی بەر و سێبەری لێبێ
نە خەم بۆنی هەیە
نە باران
نە ئازار چێژی هەیە
نە گریان
نە هەناسە دەنگی هەیە
نە ئەستێرە
نامەکانیش
بوونەتە زیندانی ئەو ووشانەی
ئەیانەوێ ئازاد بژین
نە خۆم لە خۆم ئەدۆزمەوە و
نە کەس لە کەس
بست بە بستی لەشی ئەو ئافرەتە رووتانە گەڕام
خالێ نەبوو بۆ کۆتایی
لێو بە لێوی سۆزانیەکان گواسترامەوە
ماچێ نەبوو ئاشکرام کا
نە چاوەکان تینیان دامێ
نە چراکانی رۆژ
رۆژیش لە بێهێزی ئەخولێتەوە و
لە نەزانی لێمان هەڵدێ
بەفرە بۆگەنەکان دەسەلاتیان سەپاندوە
لە ئەنجامی ئەو شەڕانەی
کۆشکی خوایان لێ دروست بوو
کە خۆڵ و ئاویش گواسترانەوە نێو کارگەکان
ئاگر هەر بۆ جگەرەکێشەکان مایەوە
ئەم ئاگرە
تاکو ئێستاش
لەم هەرێمە
هەر لەمندا ئەکرێتەوە
هەر لەمندا خۆی هەڵئەگرێ
خۆی هەڵئەگرێ تا دێتەوە
تا دێتەوە ئاگردانی ئەو دلانەی وەک خۆی گەرمن
ئەو چاوانەی وەک خۆی گەشن
ئەو گیانانەی لەناو خۆیدا ئەبنە قەقنەس
قەقنەس قەقنەس
هێز و تینی وولاتەکەم
فریادڕەسی ئەو کەسانەی بە ئاسانی ئەتدۆزنەوە
فریامکەوە لەو زەمەنەی
سەری کردووم بەو دەریایە هار و بەدەی
خەریکە تۆم لە چاواندا خەفەبکات

**فریامکەوە**

**فریام کەوە بە ئاگری ئاگردانی ئاگریەکان**
**با ئەم جارەش لەشی سڕ بووم**
**بە ئاگری بەژنی خۆشەویستم بسوتێنم و**
**لەڕوناکی روحی گەشی نێمەدەرێ**
**تا خەونەکانم ئەبنە گەمە و**
**گەمەکانم ئەبنە خەون**

**٢٩ی ٧ی ٢٠٠١**